ڕاگەیاندنی سەنتەری منالآن سەبارەت بە

## 126 منالٌ چاوەڕوانن بەرد باران بكرێن ... شێرزاد فاتح



بە پێی هەواڵێك كە لە سایتی العربیە بڵاو كراوەتە سەبارەت بە قێایێی منالآن، تێیدا هاتووە كە 126 "گفلا" فی السعودیە ینتقرون "السیاف". یاسای قێایێ و سەیاف و سەنگسارو چی و چی، ئەو یاسا نامرۆڤانەن كە لە ئاینی ئیسلامەوە سەرچاوەیان گرتوەو لە بەشێكی زۆر لە و وولآتاندا كە ئیسلام تێیدا دەسەلآتی هەیەو حوكم بە ڕێوەدەبەن، ئەم یاسا دژی مرۆیە تێیدا لە دژی منالآن و ژنان بەڕێوە دەچێت.

بە پێی ئەم یاسای دژی ئینسانەی ئیسلام، شێوەی جۆراو جۆر هەیە بۆ بەردباران كردنی ئینسان و بە تایبەتیش ژنان و منالآن، لە ئێرانی ژێر دەسەلآتی جمهوری ئیسلامیدا چالێك هەلدەكەنن تا نیوەقەدی مرۆڤەكە، ئەمجا خەلكانێكی زۆر كۆ دەكەنەوە و دەست دەكەن بەبەرد باران كردنی، تا لە نێو بەردا نقوم دبێت و بە ئازارەوە دەیكوژن، یان هەلكۆلینی چاو، لە هەندێ شوێنی وەك وولآتی عەرەبی سعودیە جگلە لەمە یاسای دەست بڕین یان لێكردنەوەی یەكێك لە ئەندامەكانی لەشی مرۆڤیش هەیەو پەیڕەوی لێدەكرێت.

ئەم یاسا بەربەریانەو دژی ئینسانیانە تەنها لە وولآتانی ئیسلامی و لە ژێر پەیامی ئیسلام و ئاینی ئیسلامدا بەڕێوە دەچێت، وە یەكێكە لە وەحشیترین و دژی ئینسانی ترین یاساكانی سەر ڕووی ئەم زەوییە. دەسەلآتدارانی عەرەبی ئیسلامی سعودیە بۆخۆیان سەرچاوەی توندو تیژی و تاوانن دژ بە ژنان و منالآن، یەكێك لە دیكتاتۆرترین وولآتی دنیایە و لە ژێر سایەی جبەو عەمامەكانیاندا ژن ئەسلەن وەك مرۆڤ بە حیساب نایەت و لە سادەترین مافەكانی خۆیان بەهرەمەند نین، لێدان و سوكایەتی كردن بە منالآن و ئیتاعەكردنیان بۆ گەورەكان و حیجابی بەزۆری منالآن، بە منالی بەشودانیان و ئیغتیاب كردنیان، ئەمانە سادەترین شتێكە كە لەژێر دەسەلآتی حوكمی قەرەقوشی عەرەبی ئیسلامی سعودیەدا بەڕێوە دەچێت. هەر ئەمەشە سەرچاوەو هۆی هەموو ئەو تاوانانەی كە منالآن لە سعودیە پێی هەستاون.

جێگەی داخە كە بەشێكی زۆری ئەو خەلكانەی كە هاتوون لەسەر ئەم فتوایەی ئیسلام و یاسای جەنگەلی دژی ئینسانی وولآتی سعودیە نەزەری خۆیان داوە، بەگشتی لەو ئیسلامیانەن كە زۆربەیان لەگەل كرۆكی ئەو یاسایەدا كێشەیەكی ئەوتۆیان نییە و لەدژی نەوەستاونەتەوە، وە بەشی زۆریان دەلێن ئەمە یاسای خودایە و نابێت دەستكاری بكرێت، لە هەمان كاتدا بەڕێوەبەرانی ئەم سایتە جگلە لە نەزەری شیرو تیر بۆ كوشتنی منالآن هیچ نەزەرێكی تری موجالف بە خۆیان بلآو ناكەنەوە.

ئێمە لە ڕێكخراوی "سەنتەری بەرگری لە مافەكانی منالآن" بەتوندی لە دژی ئەم فتوا نامرۆڤانەیەی حكومەتی سعودیە دەوەستیەنەوەو مەحكومی دەكەین. ئەم یاسایە تەواو لە دژی مرۆڤ و لەدژی هەرجۆرە ماف و عورفێكی ئینسانییە، ئەگەر نوێنەرانی كۆنەپەرستی ئاینی ئیسلام و ئاخوندو عەمامە بەسەركانی سعودیە لەهەرجێگەیەكی تری ئەم دنیایەدا

و لە وولاَتانی پیشکەوتووی ئەمڕۆی دنیادا باس لە سەپاندنی ئەم یاسایە بکەن نەك بەسەر ئینسان و منالاَندا بەلکو بەسەر گیانەبەردا، ئەوا خۆیان و حکومەت و یاسایان ڕیسوا دەکرێن و دەکەونەبەر نەفرەت و تورەی خەلك لە هەموو دنیادا.
یاسای قێاێ و بەردبارانی منالاَن، بەهەر هۆیەکەوە بێت دەبێت هەلوەشێتەوە و هیچ کەس ئیجازەی نییە کە منالاَن بەردباران بکات، سوکایەتیان پێبکات وسزایان بدات، بەلکو دەبێت تەواوی پێداویستیەکانی ژیانیان بۆ دابین بکرێت و لە ژیانێکی خۆش و ریفاه بەهرەمەند بکرێن، ئەوە حکومەتی سعودیەیە کە بەرپرسە لەوتاوانانەی کە ئەو منالاَنە ئەنجامیان داوە نەك منالەکان خۆیان، سیستەمەمی حکومڕانی دکتاتۆرانەی حکومەتی سعودیە کە بنەمای یاساکانی لە ئیسلامەوە سەرچاوەی گرتووە، تا سەر مۆخ یاسا و سیستەمێکی دژی منالاَن، دژی ژنان و بەگشتی دژی دیموکراتیك و مافەکانی ئینسانە، ئەرکی هەموو ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان و بەرگریکەرانی مافەکانی مرۆڤ و بەتایبەتیش مافەکانی منالاَنە کە لەبەرامبەر یاسای بەردباران و قێاێی نامرۆڤانەی حکومەتی سعودیەدا دەنگ هەلبڕن، وە بەهەر شێوەیەك بۆیان دەکرێت فشار بخەنەسەر حکومەتی سعودیە کە دەستبەرداری ئەو یاسا دژی ئینسانیە بێت.
نەفرەت لە یاسای بەربەری و دژی ئینسانیتان
ئازادی بۆ منالاَنی سعودیە

شێرزاد فاتح
سەنتەری بەرگری لەمافەکانی منالاَن
www. santarimnlan. com
sherzad_f@yahoo. com